## بۆ قەلەم بەدەستەكانی شوعی و بێ مەبدەئەكانی. ... كارزان مستەفا

ماوەیە كە چەند قەڵەم بەدەستێكی شوعی لەنێو سایت و ماڵپەرەكان دەستیان كردوە بە نوسین كە ژمارەیان چوار كەسە و لە سەرچاوەیەكی نێو خودی خۆیانەوە باس لەو ژمارەیە كراوە كە بە ڕابەرایەتی زیرەک كەمال ئەو نوسینانە بڵاو دەكەنەوە.
زۆر بەداخەوە پارتێكی لیبڕال دیموكراتی وەک و حیزبی شوعی كە خۆی بە مەدەنی و ئازادی خواز دادەنێت عەقڵی قبوڵی ئەو هەواڵە ناكات كە لە puk میدیاو سایتی كوردستان ئۆن لاین بڵاو كرایەوە سەبارەت بەوەی كە ڕۆژنامەی هەواڵ ئەو حیزبە لەبەر پاشەڵی پیسی دەیكڕێتەوە نەوەک و خەڵكی بەو مەهزەلەیە بزانن، بەر لەوەش بە وتەی ڕۆژنامە فرۆشێک ئەوەی پێ وتم كە ئەوەی بەر دەستیان كەوتبێت لە ڕۆژنامەی هەواڵ لە بازاڕدا كریویانە چونكە هەواڵی گەندەڵی و فەسادی ئەو حیزبە بە هۆی پەشیمان بوونەوەی ئەندامێكی خۆیان تێدا بڵاو كراوەتەوە كە نازانرێت ئەمەشیان وەک و سەرۆ قادرو ئازاد حەسیب قەرەداغی ئەبێ بە پارتی و سوكانی مۆنیكا ئەگرێ یان ئەوەتا هەر بە یاخی بوویی دەمێنێتەوە.
من نە ڕقم لەو حیزبە بووە نە هیچ كێشەیەكم لە گەڵیدا هەیە تەنانەت ئەوە نەبێت كە حیزبێک بوو خۆی بە پارتێكی ئۆپۆزسێۆن دادەناو لە ڕاگەیاندنەكانیدا بانگێشەی ئازادی دەكرد، كەچی بە پێچەوانەوە لە هەموو پارتەكانی دیكە لە كاتی پەرلەماندا كلكی خۆی دەخاتە پاڵ حیزبێكی گەورە تاوەک و كورسی و پارەی دەست كەوێت.
هێندەی ئاگاداری عەقڵیەتی ئەو حیزبە بم ئەندامەكانی لەبەر ئەوەی زۆر لەوە دەترسن دوا ڕۆژیان بێت و بسڕنەوە ناچار بە زۆرە ملێ و بە عەقڵێكی تۆتالیتاری دكتاتۆریانە دەیانەوێت ماڵ و منداڵی خۆیان بە زۆرە ملێو بێ قبوڵ كردنی ڕای ئەوان دێت و دەیانباتە هەڵبژاردنەكان و دەبێ بەبەر چاویەوە دەنگ بەو حیزبە نائازادی خوازە بدەن.
نازانم لە نێوان پارتێكی ئیسلامی سیاسی و حیزبی شوعیدا چ جیاوازیەک هەیە لە كاتێكدا هەردوكیان ڤایرۆسێكن بە جەستەی ئەو میللەتەو مانگانە پارەیەكی زۆر لە حكومەت وەردەگرن و دابەشی سەر ئەندامە سەرەكی و گەورەكانی دەكەن و بە ئەندامە بچوک و بێ ئاگاكانیشیان دەڵێن پارەمان نیەو گریان و پاڕانەوەیانە.
بێ مەبدەئی لەو حیزبە نا ئۆپۆزسیۆنانە كە لە پارتی و یەكێتی پارتی و یەكێتی ترن بە هۆی ئەو پارەوە كە وەری دەگرن كەچی زۆر بەداخەوە لە ڕاگەیاندنەكانیاندا كوردایەتیو دڵسۆزی بەسەر خەڵكی سادەو ساویلكەدا دەفرۆشن، برا بچكۆلانەكان دڵنیابن پارتی و یەكێتی زۆر لە ئێوە خاوەنی كوردایەتیو دڵسۆزیە ئەگەر بێت و شەڕی براكوژی نەبوایە ئەوە ئێوە نەتان دەتوانی لەبەر زۆری جەماوەری ئەو دوو حیزبە ورتەیەكیشتان لێوە بێت نەک ببن بە توتی و شتە ناشرینەكانی ئەو دوو حیزبە بڵێنەوە، زۆر سەیرە لەو ڕۆژانە لەسەر تەلە فزیۆنە مغەوەشەكەتان ئەوەم بینی كە ئێوە 13 ساڵە دامەزراون زۆر پێكەنینم هات چونكە ئێوەیەكی تەمەن 80 ساڵی و پیر بوو عەقڵ دۆگما كە قبوڵی ڕای برادەرێكی خۆتان ناكەن تەمەنتان كەم كردوەتەوە ئێوەیەک بەو عومرە گەورەیەوە 80 ئەندامتان نیە ئیتر نۆرەی ئەوەیە ببنە سیانزە ساڵ زۆر سەیرە پارتێكی وەک و ئێوە كە لە دەبڵەوە كوژاونەتەوە لە ڕوسیا بەدەردی مەلا بەختیار وتی شوعی بوون وەک و ئەوە وایە تۆ لەگەرمای هاویندا قاپوتێک لەبەر بكەی كەچی دێن تازە دەڵێن تەمەنمان سیانزە ساڵە. سەیرێكی تر لەوەدایە ئێوەیەک كە باوەڕتان بە خوانیە ئەوە بەرنامەی حیزبەكەتانە كە دەیەوێت لەهەر سەد كیلۆ مەترێكا مەلهایەک بكرێتەوە كەچی ئەندامەكانتان نوێژ ئەكەن ئەوەیە مەبدە و ئەوەیە شازی فكری سەردەمی پۆست مۆدێرن، برا گیانەكانم هەرچی زوە دەست لەو حیزبە هەڵگرن دڵنیابن زیرەک كەمال ناوەندێكی ڕاگەیاندنی بدەنێ لە یەكێتی دەبێت بە یەكێتی ودەبێتە میكرۆب لە حیزب و لەو سێیەی كەماون.

Karzan2003_mstafa@yahoo. com
Kurdistan